# نەتەوەی کورد لەنێوان سادەیی سەرکردەکانی و هەرەشەی برانەتەوەکانی

ئازاد قەزاز
زانکۆی نایمێخن – هۆلەندا



تەمومژاوی ئامانجەکانی کورد وەک نەتەوە و ناهوشیاری لەوەی چ میکانزمێک بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی وەگەر بخرێت, لەلایەن سەرکردەکانیەوە, بەدرێژایی مێژووی رزگاریخوازی کورد لەبری ئەوەی چارەسەر فەراهەم بێنێت, گرفتی خولقاندووە. لەسەرەتای سەرهەلدانی بزاڤی کوردایەتی و تا کو ئەم ساتەشی بێتە سەر, جگە لەسۆزداریەکی بێبەزەییانە, هیچ جۆرە عەقلانی و مەعریفەیەکی واقعبینانە نەبۆتە مۆتیڤی بزافی کوردایەتی.

گەمەی سیاسیانەی هەنوکەی پارتی و یەکێتی لەنێوان عێراقی بوون و کوردبووندا یەکێکە لەو گەمانەی لەبری ئەوەی سەری دوژمناکانی بەرێت, سەری کورد خۆی دەبات. بەقسە لای عەرەب و تورک و فارس دا برای موسلمانن و لە ناو هەرێمیشدا دەبنەوە ئەو کوردە کەللە رەقەی کە هەرگیز برایەتی نازانن. یەکێک لە ئامانجە هەرە گەورەکانی ئەم لەشکرکێشیەی تورک و بە هاندانی براعەرەبەکانی بەرزانی و تالەبانی, ساغکردنەوەی نیازەکانی ئەم دوو پیاوەیە. ئەوەشی کە لای بەندە ساغ بۆتەوە ئەوەیە کە بارزانی و تالەبانی جگە لە دەسەلات شەیدای چیتر نین. هەر هەرەشەیەک ئەو دەسەلاتە بخاتە مەترسیەوە, ئەوا عێراقچێتی و کوردایەتیشی دەکەنە قوربانی. کە زۆریان بۆ دێت دەلێن: ئێمە برای ئێوەین, ئەوە نیە ئاینمان و قورئانمان یەکە!

دەبێ کورد بزاڤێکی تری کوردایەتی دامەزرێنێت کە عەرەب و تورک و فارس ناچارکات  تا ئەوان بەرگری لە بیروبۆچوونی خۆیان بکەن و بە دیدی خۆیاندا بچنەوە و لە ئاست خواستەکانی کورد هەست بەکەمی خۆیان بکەن لەوەدا کە نایەلن کورد بگاتە مافی خۆی, نەک کورد بەشەرمەوە داوای مافی خۆی بکات. ئەم ڕێبازە سیاسیە زۆرزوو تورک و فارس لەئاست عەرەبدا بەکاریان هێنا. شێوازی سیاسەتی کورد یان توندرەوانەیە یان پارانەوەیە. دەبێ کورد ململانێیەکی مەعریفی وا لەگەل ئەواندا بخاتەگەر, کە ویژدانی ئەو نەتەوانە, نەک بازوویان بوروژێنێت.  وەک گاندی هیندیەکانی فێری ئەوە دەکرد کە ئەوستەمەی لێیان دەکرێت, ستەمکارێتی داگیرکەرانی بەخۆیان دەناساند. لە رووی سایکۆلۆژیەوە ئەم جۆرە سیاسەتە بە هێزترین میکانیزمە بۆ نەتەوە ژێردەستەکان تا بتوانن چۆک بە سەردەستەکانیان بدەن. هەر هەرەشەیک کە کورد ەیکات لە هێزی بازووەوە هەلقولێت, دەرەنجامەکەی کارەساتێکە بۆ کورد.

ئەوەی لای بەندە جێگای سەرسورمانە, هەندێ نووسەر هێندە ناشرین و وشەی سوک بەم سەرکردانە دەلێن, کەچی ئەم سەرکردانە کە هەرەشەیەک دەکەن, خێرا دلیان خۆشدەکەن و

سەدوهەشتا پلە دەگرێنەوە و ئەم پیاوەی تۆزێک لەمەوپێش بەبۆچوونی ئەوان وا دزێو و قێزەون و دزو جەردەبوو, مەدح و سەنایان دەکەن. وەک بلێی ئەم سەرکردانە لە عەقیدەیەک لایاندابێ و جارێکی دی شایەتمانیان هێنابێتەوە. ئەمەشیان سادەییەیکی ترە کە ئەم نوسەرانە لەبیرکردنەوەیاندا دەریدەخەن و چ جیاوازیەکیان لەم بۆچونەدا لەگەل ئیسلامیەکدا نیە. چەندە ئەم سەرکردانە پشکیان لە هەرەسهێنانی سیاسەتی کوردی بەردەکەوێت, هێندەش ئەم نوسەرانە پشکیان وەبەردەکەوێت. دەبێ ڕۆشنبیر بەجۆرێک جەماوەر و سەکردەکان هوشیارکاتەوە, تا چیدی ئەم سەرکردانە نەتوانن سۆزی نەتەوایەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە ڕێی جەماوەرەوە ئاراستە بکەن. بەرژەوەندی بالای نەتەوەی کورد زۆر لەو هەرەشە یان پارانەوەیە مەزنترە کە سەرکردەکانی کورد ناوبەناو دەینوێنن.

ئەوەی پێی وابێت لەم ململانێیە سیاسیەی هەنوکەیی کورد و تورک یان عەرەب, کورد براوەیە, ئەو بەهەلەدا چووە, چونکە کورد هێشتا ڕێی لەو ڕێبازە نەکەوتووە, کە بتوانی لە تورک, لە عەرەب یان لە فارس بەرێتەوە, لە کۆتایی گەمەکەدا دەتوانین دۆرا و براوە دیاری بکەین. تا ئێستا کورد لە هیچ گەمەیەکدا نەیبردۆتەوە, چما ئەم گەمەیەیان چۆنچۆنی دەباتەوە, گەر بەهەمان ستایلی باوانی گەمەکە بکات, مەگەر موعجیزە! ئەو کەسەی باوەری وابێت لە جەنگی نێوان حیزبوللە و ئیسرائیل, حیزبوللە براوە بووە, هەقێتی لەم جەنگەی کورد و تورکیشدا کورد بە براوە بزانێت. ئایا گەر بابەتیانە و دووربینانە بروانین, حیزبوللە دۆراوە یان ئیسرائیل؟ عەقیدەی ئەم جۆرە نوسەرانە گەر لە ناخەوە واتە لە نەستیانەوە وردبیتەوە, هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەل ئەو ئیسلامیانەی ئەم نوسەرانە ناویان دەنێن تیرۆریست. پێوانەی ئەم نوسەرانە بانێکەو دوو هەوا. ئەم نوسەرانەو زۆربەی جەماوەریش بەشدارن لەوجۆرە رەفتارە سیاسیانەی کە سەرانی کورد دەینوێنن. جەماوەری هوشیار و نوسەری هوشیار دەتوانن سەرکردەکانیان راست کەنەوە, چونکە دوائامانجی ئەم سەرکردانە رازێ کردنی جەماوەرەکەیەتی تابتوانێ دەسەلاتی خۆی بپارێزێت.

کورد وەتەنی سەرکردایەتی کوردی باشوور دارێکی بە دەستەوەیە هەردوو سەری پیسە. بۆ ئەوەی هیچ نەبێ سەرێکی ئەو دارە پاک بێتەوە بیداتە دەست جەماوەر, پێویستە دان بەوەدا بنێ کە ئەوەی ئەوانی گەیاندە ئەم قۆناغەی ئێستایان تا بگەنە ئەم نیمچە سەربەخۆیی و ئازادیە, نە خەباتی چەکداری چەندین سالەیان بوو, نە چۆنیەتی بیرکردنەوەی سیاسی ئەوان بوو, بەلکو دەستێوەردانی نێودەولەتی بوو. بەمەش ئەتوانێ و مافی ئەوەی دەبێ کە بە پەکەکە بلێ چەک دانێن و سەردم سەردەمی دانوستان و گفتوگۆیە, خۆ ئێمە بەچەکداری بەم ڕۆژە نەگەشتوین, ئیدی ئێوە چۆن پێیدەگەن!. ئەوکات هەقیەتی بە پەکەکە بلێ چەکدانێ و دوای کلاوی بابردو مەکەوە. بەلام پارتی و یەکێتی گۆرانی بەبالای چەکداری و شەهیدانی خۆیاندا بلێن, شانازی بەورِ ابوردووەوە بکەن, ئەی بۆچ پەکەکەش نەیکات. ئەوان هەرگیز ئەو نەهامەتی و کارەساتانە

ناگێرنەوە بۆ شێوازی سیاسەتەکەیان, تاقە فاکتەری ئەو کارەساتانە لای ئەم کوردانە ئەوە بووە کە دوژمنەکانایان دیکتاتۆر بوون. تائێستا هەلسەنگاندنێک بۆ زیان و دەستکەوتی سیاسەتی کوردی نەکراوە, تەنها گۆرانی وتنە بە بالای خۆیاندا.

لێرەدا وەنەبێت من لایەنگری ئەوەبم کە یەکەکە بەچەکداری داوای مافی خۆی بکات. نەخێر! منیش باوەرم وایە ئەم جۆرە چەکدارییە, هەرگیز مافی پێوەدەست نایەت. بەلام مەبەستەمە دوالیزمەی بیرکردنەوەی سەرانی کورد ئاشکرا بکەم. بۆیە پێموایە هێندەی ئێمە پێویستمان بەوەیە سیاسەتی کوردی بە ئاراستەیەکی دیدا بەرین, هێندە بەگرنگی نازانم گوتاری خۆمان ئاراستەی تورک, عەرەب یان فارس بکەین. ئەوەشی زۆر گرنگە بیزانین ئەوەیە ئەم سێ نەتەوەیە, لەدۆخی نەتەوەبوونێکی کال و کرچدان و مامەلە کردنیان هێند ئاسان نیە و ناتوانن دان بەنەتەوەکانی ژێردەستیاندا بنێن. لەگەل نەتەوەکانی  ئەوروپیدا مامەلەکە بەجۆرێکی دییە و مرۆڤ بەئاسانی دەتوانی باس لە مافەکانی خۆی بکات. بەلام کوردی موسلمان لەگەل براموسلمانەکانیدا کە خۆی نەزانی هەلسوکەوت بکات و براکانیشی هێندە کال و بێبەزەیی بن, لەبری ئەوەی خەمێکی بخۆن شکستی پێدەهێنن, دەبێ ئەوروپیەک چی لەدەست بێت, جگە لەلایەنگیری! ئایا لایەنگیری بەسە بۆ گەشتن بەمەبەستەکان؟ بۆیە دەبێت کورد ئیرادەی مەعریفی پتەوی خۆی دامەزرێنێت, نەک بازووی هەرەشەی دەرخات. ئەو جۆرە مەعریفەیەم لە کتێبی (سایکۆپۆلیتیک) دا بەدرێژی باسکردووە. ئەم کتێبە چاپخانەی رەنج چاپی کردووە.

**ئەم بابەتە لە هاولاتی ژمارە369 7- NOV   بلاوبۆتەوە**